ص:40-59
المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# بابانزاده مستەفا زیهنی ( ١٨٥٠-١٩٢٩): ژیان و ڕۆڵی ئیداری و ڕۆشبیری لە دەوڵەتی عوسمانیدا

سامان مستەفا ڕەشید

بەشی مێژوو- مێژووی نوێ، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی ئەستەمبول، ئەستەمبول، تورکیا

Email: samanrasheed84@gmail.com

**پوختە:**

مستەفا زیهنی کوڕی حوسەین بەگە لە بنەماڵەی بابان، لە ساڵی ( ١٢٦٦ک - ١٨٥٠) لە سلێمانی لەدایکبووە. لە قوتابخانە بنەماکانی زانست و لەلای مامۆستای تایبەتیش زمانەکانی: تورکی، عەرەبی، فارسی و فیقهی خوێندووە و توانیویەتی بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی و کوردی بئاخفێ و بە تورکیش بنوسێت.

بابانزادە مستەفا زیهنی کەسێکی دەوڵەتمەداری گرنگ بووە لە دەوڵەتی عوسمانییدا و لەماوەی ژیانیدا لە چەندین پۆستی ئیداری گرنگدا کاری کردوە، هەم وەک موتەسەڕیف و هەمیش وەکو والی، لە گرنگترین ئەو جێگایانەی وەک موتەسەڕیف کاری تێیاندا کردووە:( کەربەلا ، قۆزان، گوموشخانە، بەرات، بوردور، تەرابلوسی شام ، ئەنتالیا ، بۆلو). دواتریش وەک والی: (ئەدەنە ، یانیا و حیجاز) دیاری کراوە و وەک والی فەرمانڕەوایەتی کردووە. مستەفا زیهنی یەکێک بووە لە سیما دیارەکانی ئیدارەی دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا. ناوبراو جیا لەوەی ڕۆڵی ئیداری گرنگی بینییوە لەو پێگە ئیدارییانەی چ وەک موتەسەڕیف و چ وەک والی کاری تێداکردون، خاوەنی چەندین دانراوی گرنگە کە بە زمانی تورکی عوسمانی نووسیونی و چاپ و بڵاویکردوونەتەوە، لەوانەش: ( علم و اسلام، اسلامدە خلافت، قوای معنویە، توسیع مازونیت). زیهنی دوای خۆی شەش منداڵی بەجێهێشتوە، کوڕەکانی ڕۆڵی پێشرەو و گرنگیان بینیوە لە بوارەکانی: پەروەردە، فێرکردن، ڕۆشنبیری، ڕۆژنامەوانیی و ئیدارەی دەوڵەتدا. دیارترینی کوڕەکانی: ( بابانزادە ئەحمەد نەعیم) کە مامۆستای فەلسەفە و دەروونناسی بووە لە زانکۆی ئەستەمبوڵ و یەکەمین کەس بووە لە دەوڵەتی عوسمانییدا هەستاوە بە وەرگێڕانی سەحیحی بوخاری لە عەرەبییەوە، چەمکە فەلسەفییەکانی لە فەرەنسییەوە کردوە بە عوسمانی و خاوەن چەندین کتێب و نوسراوی گرنگە. هەرچی ئیسماعیل حەقی بابانزادەیشە یەکێک بووە لە نوسەر و ڕۆژنامەنووسە دیارەکانی سەردەمی خۆی لە ئەستەمبوڵدا و توانییویەتی بگاتە پلەی وەزیری مەعاریف( پەروەردە).

**کلیلە وشەکان:** بابانزادە مستەفا زیهنی، دەوڵەتی عوسمانی، ئیدارەی دەوڵەت.

**الملخص:**

هو مصطفى ابن حسين بك من عائلة بابان الشهيرة، ولد سنة 1850 في مدينة السليمانية، دخل المدارس العامة منذ صغره، ودرس اللغات العربية والتركية والفارسية وعلوم الفقه عند أساتذته الخاصة، وكان ملما بتلك اللغات قراءة وكتابة. وكان رجلا قويا في الدولة، وتقلد مناصب إدارية مهمة مثل المتصرف والوالي، فكان متصرفا لمدن (كربلاء، قوزان، كوموشخانة، برات، بوردور، طرابلس الشام، أنتاليا، بولو) كما عمل واليا لكل من (أدنة، يانيا، حجاز) . ونستطيع أن نقول أن بابانزادة أحد أبرز وجوه الدولة العثمانية في نهاية القرن التاسع عشر وحتى بداية القرن العشرين الميلادي، وكان ذا شخصية ثقافية عالية فمع عمله في المجال الإداري لم يغفل الجانب الثقافي والعلمي في حياته، فكتب كتبا عدة مثل (( العلم والإسلام، الإسلام والخلافة، القوى المعنوية، توسيع الماسونية)) وقد كتب كلها باللغة التركية.

وترك بعده أطفالا ستة وقد لعب أولاده دورا مهما في مجالات التربية والتعليم والثقافة والإدارة، وكان من أبرزهم "أحمد نعيم بابانزادة" حيث كان أستاذا لمادة الفلسفة في جامعة إسطنبول، وكان أول من ترجم صحيح البخاري إلى اللغة التركية، كما ترجم المصطلحات الفلسفية من اللغة الفرنسية إلى التركية، وترك كتبا عدة بعد حياته، ومن أبنائه أيضا "إسماعيل حقي بابانزادة" حيث كان صحفيا وكاتبا بارزا في زمانه، وقد تقلد منصب وزير المعارف في الدولة العثمانية.

ومن الجدير بالذكر أن مصطفى بابانزادة قد اقترح له عدة مناصب إدارية عالية مع بداية تأسيس الجمهورية التركية إلا أنه رفض كلها واختار العيش بعيدا عن الحياة السياسية إلى حين وفاته في سنة 1929 ودفن في مقبرة ادرنه قابي في مدينة إسطنبول.

**الكلمات المفتاحية:** بابان زاده مصطفى زهني، الدولة العثمانية، إدارة الدولة، بابان زاداه.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**Abstract:**

Mustafa Zihni is a son of Hussain Beg from Baban Clan (family), who was born in Sulaimanyiah in (1266 AH- 1850 A.D.), He studied fundamentals of sciences at school, and he was tutored Islamic Law (Jurisprudence) and languages such as: Turkish, Arabic, and Persian, so he could speak Kurdish, Arabic, Persian, and write in Turkish. He was a significant statesman in the Ottoman State, he took vital administrative posts as Wāli and a resident governor (mutasarif) through his entire life. The most important locations he held position of resident governor were: Karbala, Qozan, Gumushkhana, Barat, Burdur, Tarablus of Sham, Antalya, Bolu. Later, He was also appointed as Wāli in Adana, Yaniya and Hijaz. Needless to say, he was one of the distinguished features in the Ottoman State administration in the end of 19th century and the beginning of 20th century. In addition to his administrative roles and duties, he authored many books, and published in Ottoman Turkish; such as (Ilm w Islam, Islamda Khalafat, Qawai Maanawya, Tawsia Mazuniyat. It is worth mentioning that Mustafa Zihni had six children, his sons played vital role in the fields of education, journalism, culture, and administration in the Ottoman State. His most prominent son was Babanzadah Ahmmad Naaim, who taught philosophy and psychology in Istanbul University, he was the first one who translated (Sahih Bukhari) from Arabic into Ottoman Turkish, he also translated philosophical concepts from French. Ismail Haqii Babanzadah, another son of his, who was then one of the well-known journalist and author in his in Istanbul. He also held the post of minister of education. However; during the establishment of Turkey republic, he was offered many administrative posts, but he rejected them and preferred having solitude life for the rest of his life, He passed away in 1929 in Istanbul, and he was buried in (Adrna Qapi) graveyard.

**Key Words:** Babanzadah Mustafa Zihni, the Ottoman State, State Administration, Babanzadah.

**بەرایی:**

خانەدانی بابان یەکێکن لە ناودارترین خانەدانەکانی کورد لەباشووری کوردستان. ئەم خانەدانە ماوەیەکی درێژ لە مێژووی نوێی کوردا ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە فەرمانڕەوایەتی سیاسیدا لە فۆرمی میرنیشینی باباندا، لەپاڵ ئەم ڕۆڵە ئیدارییە و پێشکەشکردنی فۆرمی حومڕانی ناوچەیی، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوییان لەبواری شارستانی و کلتوریدا پێشکەش کردوە، ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت کە بڵێین بیناکردن و جێهێشتنەی یادگارێکی شارستانی و تەلارسازی و لانکەیەکی ڕۆشنبیری و کلتوری گرنگی وەک سلێمانی بۆ میللەتی کورد وادەکات ئەم خانەدانە بکات بە پێشڕەو و سوارچاکی خانەدانەکانی میللەتی کورد کە بیرییان لەوەکردۆتەوە لەسەرخاکی خۆیان بینای شاربکەن بە دەستی خۆیان و بیکەن بەبارەگای فەرمانڕەوایەتی و مەڵبەندێکی کلتوری گرنگ. ناوی ئەم خانەدانە وەک وەک هێزێک کە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی خۆماڵی دەکرد تاوەکو نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم لە مێژووی کورددا دەدرەوشایەوە.

دوای کۆتایهێنان بەدەسەڵاتی میرنیشینی بابان لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، لەچوارچێوەی پەیڕەکردنی سیاسەتی مەرکەزی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەشێکی بەرچاوی خانەدانی بابان ڕوویانکردە بەغداد و ئەستەموڵ. لەم خانەدانە کوردە چەندین ڕۆڵەی بەناوبانگ دەرکەوتن و ئەسپی خۆیان لەبوارە جیاوازەکانی ژیاندا تاوودا. زۆرێکیان لەبواری ئیداریی و کلتوریدا لە داودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانییدا بوون بە سەرمەشق و پێشەنگ. لەبەرشارەزایی و لێهاتوویان فەرمانڕەوایەتی چەندین ناوچەی گرنگ و پڕبایەخییان پێ سپێردرا. ڕەنگە پێمان لێرانەکێشابێت گەر بڵێین ماڵباتی مستەفا زیهنی یەکێک لە گرنگترین ئەو ماڵباتانەی خانەدانی بابانن کە ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە لەدەوڵەتی عوسمانییدا و ناوێکی یەکجاردیاری بواری ئیداری و ڕۆشنبیری و پەروەردەی قۆناغی کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی بوون.

وەک لەم لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت، مستەفا زیهنی خۆی زیاد لە دە پۆستی ئیداری گرنگ و هەستیاری لە دەوڵەتی عوسمانییدا بە باشترین شێوە بەڕێوەبردوە. هەرچی کوڕەکانیشیەتی ( ئەحمەد نەعیم و ئیسماعیل حەققی بابانزادە و شوکروبابان) هەریەکەیان


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لەبواری خۆییدا تاقانە سوارچاکی ڕۆژگاری خۆیان بوون و جێ پەنجەی خۆیان بەسەر قۆناغی کۆتایی فەرمانڕەواییەتی دەوڵەتی عوسمانییەوە جێهێشتوە. خۆشبەختانە ئەرشیف و زانیارییەکی زۆرم لەسەر ئەم ماڵباتە لە ئەرشیفی عوسمانی کۆکردۆتەوە و لە بەشێکی تێزی دکتۆراکەمدا بەووردی لەسەریان دەنووسم. جێگەی ئاماژە بۆکردنە مامۆستا (پ.د. جەبار قادر) لە کورتە وتارێکی بەبایەخی لەسەر بابانزادە ئەحمەد نەعیل نوسیوە، بەڵام بابەتی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە مستەفا زیهنی باوکی بابانزادە ئەحمەد نەعیمە. ئەم لێکۆڵینەوە هەوڵدەدات بەکورتی تیشکبخاتەسەر ڕۆڵی ئیداری و ڕۆشنبیری مستەفازیهنی.

**١. سەربوردی ژیانی مستەفا زیهنی ( ١٨٥٠- ١٩٢٩):**

مستەفا زیهنی کوڕی حوسەین بەگە لە بنەماڵەی بابان, لە ساڵی ( ١٢٦٦ک- ١٨٥٠) لە سلێمانی لە دایکبووە. سەبارەت بە بنەچەی مستەفا زیهنی بە گوێرەی ئەو شەجەرەنامەی بنەماڵەکەیان کە لە ئەرشیفی شارەوانی ئەستەموڵ پارێزراوە، ناوبراو دەگەڕێتەوە سەر عەبدولڕحمان پاشای بابان( ١٧٨٩-١٨١٣) ئەویش بەم جۆرە : ( مستەفا زیهنی کوڕی حوسەین بەگە، حوسەین بەگ کوڕی عوسمان بەگە، عوسمان بەگیش کوڕی عەبدوڕەحمان پاشای بابانە). شایەنی باسە، بەگوێرەی هەمان شەجەرەنامە مستەفا زیهنی پێنج برای هەبوە بە ناوەکانی: ( حەمدی پاشا( موتەسەرریف)، عەلی بەگ، حەمە ساڵح، داود بەگ و عەبدولقادر پاشا.) (بڕوانە: شەجەرەنامەی بنەماڵەی بابان پاشکۆی ژمارە(١) بێ بەروار).

سەبارەت بەسەرەتای خوێندنی و فێربوونی، مستەفا زیهنی لە قوتابخانە بنەماکانی زانست، و لەلای مامۆستای تایبەتیش زمانەکانی: تورکی، عەرەبی، فارسی و فیقهی خوێندووە و توانیویەتی بەزمانەکانی عەرەبی و فارسی و کوردی بئاخڤێ و بەتورکیش ( عوسانی) بنوسێت. (BOA. DH. Memur sicil zarflary( SAİD. MEM.). Dos/Göm. nr. 4/442-443. tarih yok).

سەبارەت بە کەسێتی مستەفا زیهنی، ئەو هەرلەهەرەتی لاوییدا زیرەکی و لێهاتووی خۆی بۆ دەوروبەرەکەی سەلماندوە. کەسێکی و وریا وژیربوە، ئەوەتا مێژوونوس محەمەد ئەمین زەکی لەبارەی مستەفا زیهنییەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە ناوبراو کەسێکی زۆر زیرەک و وریابوە و بۆیەکەمینجار لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا توانیویەتی پۆستێکی ئیداری لە ئیدارەی تۆماری ( قەلەمی مەکتوبچی) لەویلایەتی بەغداد لەسەردەمی والییەتی مەدحەت پاشا(١٨٦٩- ١٨٧٢) بەدەست بهێنێت و ببێتە جێگەی باوەڕی مەدحەت پاشا، بەجۆرێ ناوبراو زۆر باوەڕی پێبوە و ڕێزی گرتوە و بە نازناوی ( خاوەن عەقڵی گەورە مستەفا یان مستەفای ژیر و زیرەک- Büyük akıllı Mustafa ) بانگی کردوە (محەمەد ئەمین زەکی، ٢٠٠٦, ٢١٢).

مستەفا زیهنی بەهۆی زیرەکی و دڵسۆزی لەکارکردندا لە بەرەوپێشچوونی بەردەوامدا بوو لە ژیانی پیشەیی و ئیداری خۆییدا، یەکەمین پۆستی کە مستەفا زیهنی وەری گرتوە لە ١٣ی حوزەیرانی ١٨٦٩دا بوە لە ئیدارەی بەغدا کە مووچەکەی دووسەت قروش بوو، دواتر توانی لە مانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا بە مووچەی (٧٥٠) قورش ببێتە فەرمانبەر لە ئیدارە تۆماری( مەکتوبچی) لە سەنجاقی حیللە، لەم پۆستەش زۆر بەردەوام نابێت و لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا دەست لەکاردەکێشێتەوە و دەگوازێتەوە بۆ ئیدارەی تۆمار لە ویلایەتی بەغدا، ئەو بەردەوام دەبێت لە پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی ئیداری تاوەکو توانێ لە ١٣ی تەموزی ساڵی ١٨٧٢ بگاتە مووچەی ( ١٠٠٠) قروش، ناوبراو زیاتر بەرەوپێشچوو، لەبەڕێوەبەرایەتی ( تحریرات) لە سەنجاقی شارەزوور بە مووچەی (٢٠٠٠) قروش دامەزرێنرا، دواتر و دوای دامەزراندنی ویلایەتی موسڵ (١٨٧٩). و بوونی شارەزوور بە مەرکەزی ویلایەتێکی سەربەخۆ لە حوزەیرانی ساڵی ١٨٧٩ بووبە یاریدەدەری داواکاری گشتی ( معاون مدعی عام) سەنجاقی موسڵ بە مووچەی (٢٠٠٠) قروش. لە ئەیلولی هەمان ساڵدا بە هەمان موچە بوبە ( گەورە نوسیار- باش کاتب) لە ئیدارەی مەجلیسی بەغداد. بەم شێوەیە لە پێشکەوتن بەردەوام دەبێ و لە ٢٠ی ئابی ١٨٨١دا لە ویلایەتی بەغداد لە ( مکتوبچلغینە) بە مووچەی (٣٥٠٠) قروش دادەمەزرێنرێت. بەمجۆرە لە لەماوەی فەرمانبەرێتیدا لە بەڕێوەبەرایەتی تۆماری سەنجاقی شارەزووردا لەکانونی دووەمی ١٨٧٧ پلەی وەزیفی سێیەم( رتبە ثالثە)ی پێدەدرێت و لە کاتێکدا لە مەجلیسی ئیدارەی ویلایەتی بەغدا ( باش کاتب) بوە لە پلەی وەزیفی بەرزکراوەتوە بۆ فەرمانبەری پلە دووی قۆناغی دووەم ( رتبە ثانی صنفی ثانی). دواتر و لە ١٦ی مایسی ١٨٨٢دا لە پلەی دووەمەوە پلەکەی بەرزکرایەوە بۆ پلەی ( **متمایز**[1]). BOA. DH. Memur sicil zarflary( SAİD. MEM.). Dos/Göm. nr. 4/442-443. بێ بەروار).

[1] متمایز لەدوای قۆناغی تەنزیمات بە کارمەندی مەدەنی میری دەوترا کە ئاستی فەرمانبەرێتییان پلە دووی قۆناغی یەک بوون. ئەم پلە لەبواری سەربازیشدا بەرامبەر بە پلەی میرئالایی بوو.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

وەك باسكرا مستەفا زیهنی بەهۆی شارەزایی و لێهاتوی بەردەوامبوو لە بەرەوپێشچوون لە ژیانی وەزیفی خۆیدا بۆیەکەمینجار کە گەشتە پۆستی ( موتەسەرِیفی ) لە١١ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٥دا بوو کە بە موتەسەریفی سەنجاقی ( حودەیدە)ی سەربە ویلایەتی یەمەن بە مووچەی (٧٥٠٠) قروش دامەزرێنرا. ئەو لە پێشکەوتن بەردەوام بوو، توانی لە 9ی تەموزی ١٨٨٦ بگاتە پلەی ( میری میران). پاشان ناوبراو بەهۆی کارەباشەکانی و دڵسۆزی و کارزانیی لە ١٦ی شوباتی ١٨٩٦ پلەکەی بەرزکرایەوە و پلەی ( رومەللی بەیلەربەیلغی) پێدراوە. مستەفا زیهنی لە نیسانی ١٩٠٩ کرایە والی ئەدەنە. شایەنی گوتنە ناوبراو لەماوەی ژیانیدا لە ١٣ سەنجاقی جیاواز وەک موتەسەرریف و لە سێ ویلایەتیش وەک والی کاری کردوە. توانیویەتی لە ١٦ی نیسانی ١٨٩٩ بەهۆی هەوڵ و هەنگاوەکانی و دڵسۆزی و کارزانیی و بەباشی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی سەرشانی (نیشانی مەجیدی)[2]یەی لەجۆری پلەی دووەمی پێبەخشراوە. ( BOA. DH. Memur sicil zarflary( SAİD. MEM.). Dos/Göm. nr. 4/442-443.بێ بەروار).

جیالەو پلە و پایە و دەستکەوتانەی کە لەسەرەوە باسکران، مستەفا زیهنی لەپای کارو چالاکییەکانی و بەجێهێنانی ئەرکە ئیدارییەکانی بەباشیی لەچەندیین دامودەزگای ئیداری دەوڵەتەوە سوپاسنامەی پێشکەشکراوە. بەنموونە کاتێک کە موستەسەریفی ( کەربەلا) بوە بەهۆی بەهێزکردنی و چاککاری لەبەنداوەکان لەلایەن ویلایەتی بەغداوە سوپاسنامەی ئاراستەکراوە لە ٢٤ی مایسی ١٨٨٧، یان تەلەگرافی سوپاسنامەی وەزارەتی ناوخۆ لە9ی ئابی ١٨٨٧بەهۆی هەوڵ و هەنگاوەکانی لە گەیاندن و دابینکردنی ئاو بۆ کەربەلا ئەویش بە راکێشانی جۆگەیەکی نوێ لەلای هیندییەوە و هەوڵە تایبەتییەکانی لە گەیاندنی ئاو لە کەناڵی ( سید جودە) بۆ کەربەلا بوەتە جێگەی سوپاس و پێزانینی وەزارەتی ناوبراو. هەوەها ئەوکاتەی کە موتەسەرریفی سەنجاقی ( قۆزان) بوە سوپاسنامەی تایبەتی سوڵتانی پێدراوە کە لەلایەن قەڵەمی تایبەتی سوڵتان ( باش کاتب) کۆشکی تایبەتی سوڵتانەوە نوسراوە لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٨٩١ لەپای هەوڵەکانی بۆ رێگەگرتن لە بەدکاری و خراپەکاری ئەرمەنەکان هەروەها ناردنی نوسراوێک بۆ جەنابی عالی مەقام لەسەر ئەم کێشە و چۆنییەتی چارەکردنی، ئەم هەوڵەشی دەبێتە جێگەی مەمنونییەت و رەزامەندی حەزرەتی خیلافەت پەناهی. هەروەها ئەوکاتەی لە ویلایەتی (کۆنییە) موتەسەریفی سەنجاقی (تەککە) بوە، سوپاسنامەی هەریەکەلە ویلایاتی کۆنییە و سەرۆکی گشتی کۆمیسیۆنی پەنابەرانی وەرگرتوە، یەکەمیان: هەوڵەکانی بۆ دەسەسەرکردنی بکوژ و گومانلێکراوان بوەتە جێگەی رەزامەندی ویلایەتی (کۆنیە). دووەمیشیان لەبەر ئەو رێوشوێنانەی بۆ بەرێکوپێکی و بە جوانترین شێوە گواستنەوەی پەنابەران بۆ ئەنتالیا و نیشتەجێکردنیان، گرتبویەبەر. هەنگاو هەوڵەکانی لەم بارەیەوە بوەتە جێگەی سوپاسی سەرۆکی گشتی کۆمیسیۆنی پەنابەران ( BOA. DH. Memur sicil zarflary( SAİD. MEM.). Dos/Göm. nr. 4/442-443.بێ بەروار).

محەمەد ئەمین زەکی باسی لەوە کردوە کە مستەفا زیهنی سەرو سەودای لەگەڵ پارتەکەی پرێنس سەباحەدینیدا[3] هەبوە و ماوەیەک سەردانی کردوون، بەڵام دوای ئەوەی وازی لەپۆستی دەوڵەتی دەهێنێت و پێشنیاری پۆستی وەزارەتی ناوخۆ و والییەتی بەغداش رەتدەکاتەوە و لەئەستەمول نیشتەجێ دەبێت و هەرلەوێش کۆچی دوای دەکات (محەمەد ئەمین زەکی، ٢٠٠٦) لەساڵی ١٩٢٩دا.

### ٢. ماڵباتی مستەفا زیهنی:

بەگوێرەی ئەو شەجەرەنامە خێزانییەی کە لەسەرەوە باسکرا، بابانزادە مستەفا زیهنی خاوەن پێنج کورو کچێک بوە: بابانزادە ئەحمەد نەعیم، ئیسماعیل حەقی بابانزادە(١٨٧٦-١٩١٣)، عاصم (متەسەرف بوە، ١٩١٣ مردوە)، حکمت بابان (١٨٨٨-١٩٤٦)، حسین شوکرو( ١٨٩٠-١٩٨٠) منالی نەبوە، تاقە کچەکەشی ناوی(ئامینە) بوە. لێرەدا هەوڵدەدەین زۆر بە کورتی خێزانی مستەفا زیهنی بناسێنین. (بڕوانە: شەجەرەنامەی بنەماڵەی بابان پاشکۆی ژمارە(١) بێ بەروار).

---

[2] نیشانی مەجیدی: عوسمانییەکان ئەم نیشانەیان لەسەر شێوازی ئەوروپا بۆ یەکەمینجار لە ساڵی 1852 دا داهێنا و نیشانی افتخار(شانازی)یان هەڵوەشاندەوە. بۆ ئەو مەبەستەش لە 29ی ئابی 1852 نیزامنامەیان بۆ دەرکرد. ئەم نیشانەی رێزلێنانە لە پلەی یەکەمەوە دەستی پێدەکرد تاوەکو پلەی پێنجەم. یەکەمجار بە تێکرا لە هەر پێنج پلەکە 10 هەزار دانەی لێ راگەیەنرا. سەبارەت بە نیشانی مەجیدی پلەی چوارەم، دەبوو لەلای چەپی سنگدا هەڵبواسرایە و تاوەکو مردن لەلای ئەوکەسە دەمایەوە کە پێی دەبەخشرا و پاش مردنی دەگەڕێنرایەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت. (توێژەر).

[3] پرێنس سەباحەدین(١٨٧٨-١٩٤٨): سۆسیۆلۆگ و بیاوێکی زانا و سیاسەتمەدارێکی تورک بوو، کوڕی مەحمود پاشا و برازای سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوو، بەیەکێک لە ئەندامە کاراکانی کۆمەڵی ( ئیتیحاد و تەرەقی ) دادەنرێت. پرێنس سەباحەدین لە ساڵی ١٩١٢ کتێبێکی بەناوی ( چۆن تورکیا ڕزگاردەکرێ Türkiye nasıl kurtulabilir) لەم کێبەدا جەختی لە چەمکی رۆڵی تاک و لامەرکەزییەت کردبووە وەک رێگەچارەیەک بۆ رزگاربوونی دەوڵەتی عوسمانی لە کێشە و گرفتارییەکانی. کۆمەڵەکەی ناوی ( تشبوس شخصی و عدم مرکزیت) بوو... لە کۆتاییدا لە٣٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٨ لە نوشاتێل لە سویسرا کۆچی دوایی کردوە.بڕوانە: Abullah Uçman, Prens Sabahaddin, TDV İslam Ansiklopedsi, 34.Cilt.İstanbul 2007, s.341-342.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

### ٢,١. بابانزاده ئەحمەد نەعیم:

بابانزادە ئەحمەد نەعیم، لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ناوێکی ناسراو و دیاری ناو کایەی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی ئەستەمۆڵ بوو. ئەو نوسەر و وەرگێڕ و مامۆستایەکی دیاری ئامادەیی سوڵتانی( گەڵەتەسەرای) و زانکۆی ئەستەمۆڵ( دار الفنون) بوە. بابانزادە ئەحمەد نەعیم کوڕی گەورەی مستەفا زیهنی و خاتو (ئیجلال) لەساڵی ١٨٧٢ لە بەغداد لە دایکبوە (Cünyet Kaya 2015, 15). لەنێو کوڕەکانی مستەفا زیهنیدا زیاتر لەهەموویان ئەحمەد نەعیم لەڕووی دینداری و حەزی بۆ لێکۆڵینەوە لە بواری دینییدا شوێنپێی باوکی هەڵگرتبوو، لەم ڕووەیشەوە زۆر جێگەی باوەڕی باوکی بوو، ئەحمەد نەعیم خۆیشی تموحی لەبوون بە فەرمانبەرێکی دەوڵەت زۆر زیاتر بوو هەرلەبەرئەم هۆکارەش بوو دوای چەند ساڵ کارکردنی لە داودەزگاکانی دەوڵەتدا بڕیاردەدات ژیانی خۆی بۆ خوێندن و نوسین و لێکۆڵینەوە تەرخانبکات (İnançalp 1935, 5).

سەبارەت بەسەرتای خوێندنی ئەحمەد نەعیم، خوێندنی سەرەتایی لە بەغداد دەستپێکردووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی هەر لەبەغداد چوەتە خوێندنی ڕوشدییە و، دواتر دێتە ئەستەمۆڵ و لە دواناوەندی گەڵەتەسەرایی دەست بەخوێندن دەکات، کە ئەوکات منداڵی وەزیر و کەسە بەناوبانگەکان لەو ئامادەییە دەیانخوێند. بەم شێوەیە ئامادەیی گەڵەتەسەرایی تەواو دەکات و شارەزایی تەواوی زمانەکانی عەرەبی و فەرنسی دەبێت (Hansu Ekim 2015, 58).

یەکەمین ئەرکی حکومی لە ساڵی ١٨٩٤ دەستپێکرد کاتێک وەک وەرگێڕی زمانی عەرەبی لە بەشی وەرگێڕانی وەزارەتی دەرەوە دەستی بە کارکردوە. لەساڵی ١٨٩٥ەوە لەپاڵ کاری وەرگێڕان مامۆستای زمانی عەرەبی بوە لە ئامادەیی گەڵەتەسەرایی و ماوەی دە ساڵ لەم پۆستەدا کاری کردوە. لە ساڵی ١٩٠٨دا و دوای ڕاگەیاندنی دووەمین مەشرووتییەت[4] چوەتە وەزارەتی پەروەردە( مەعاریف) لەساڵی ١٩١٥ لە زانکۆی ئەستەمۆڵ(دارالفنون) وەکو مامۆستا لە بەشەکانی ئەدەبییات و ئیلاهییات دامەزراوە. لەماوەی ساڵانی (١٩١٨-١٩١٩) ماوەی ساڵێک وەک بەڕێوەبەری گشتی کاری کردوە. لە ساڵی ١٩١٩ بوە بەئەندام لە ( مەجلیسی ئەعیان) تاوەکو ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ لەم پۆستەدا بەردەوامبوە. جیا لەوانەش، لە ساڵی ١٩١٠ بوە بەئەندامی ئەنجومەنی مەعاریف، (١٩١١-١٩١٢) بەڕێوەبەری خوێندنی باڵابوە. ئەو سەرەتا (لەدار الفنون ) لەساڵانی( ١٩١١-١٩٣٣) چ کاتێک لە بەشی ئەدەبیات و چ لە ئیلاهییات چی دواتریش دوای بوونی بە ئەندام لە ستافی مامۆستایانی فەلسەفە، وانی لە بابەتەکانی وەک: حیکمەت، ڕوحییات( علم النفس)، ئەخلاق، لۆژیک، میتافیزیک، ئێستاتیک و فەلسەفەی ئیسلامی گوتۆتەوە. شایەنی باسە ئەو وانانەی ناوبراو گوتونییەوە هەندێکیان ئەوەن نوێبوون یەکەمجاربوە دەخوێندران و دواتر وانە وتێبینییەکانی کران بە کتێب ( Cünyet Kaya 2015, 18-19).

بابانزادە ئەحمەد نەعیم لە ١٣ی ئابی ١٩٣٤دا و لەنوێژی نیوەڕۆدا لەکاتی سوجدەدا دونیایی فانی بەجێهێشت و لە ئەستەمۆڵ لە گۆڕستانی (ئێدەرنەکاپی ) بەخاک سپێردا. (ئێستە گۆڕی بابانزادە کەوتۆتە نێوان هەردوو کەسایەتی ناودار( سلێمان نەزیف و شاعیری گەورە محەمەد عاکیف ئارسۆی) کە ئەمەی دواییان خاوەن مارشی سەربەخۆی تورکیایە). مەرگی بابانزادە بۆ شاعیری گەورە محەمەد عاکیف ئەوەند سەختبوە کە هەوالێ مەرگیان پێداوە گوتوویە:" بەبیستنی ئەم هەواڵە وامزانی خانوەکەم ڕووخاوە بەسەرما ومن لەژێر داروپەردوویی خانوەڕوخاوەکەمدا ماومەتەوە" (Yıldız 2014, 8)
بابانزادە ئەحمەد نەعیم لەدوای خۆی چەندین نوسراوی بەنرخی لە بوارەکانی دین، ئەخلاق، فەلسەفە ، مەنتیق، فەرموودە و سایکۆلۆجیا بەجێهێشتوە کە هەم بوون بە سەرچاوە و هەمیش بابەتی لێکۆڵینەوە چەندان ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی تورکیا لە بەشەزانستییەکانی ( ئیلاهیات، فەلسەفە و دەروونزانی). زیاتر لە پێنج ماستەر ودکتۆرانامەی لەسەر نوسراوە. دیارترین بەرهەمەکانی:

---

[4] مەشروتیەت: یەکەمین قوناغی مەشروتییەت لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا، بە ڕاگەیاندنی دەستور لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە 23ی کانونی دووەمی ساڵی 1876 دەست پێدەکات. لەم قۆناغەدا بە پێی دەستوور (قانونی ئەساسی) دەسەڵاتی جێبەجێکردن درا بە سوڵتان و دەسەڵاتی یاسادان بریتیی بوو لە هەردوو ئەنجومەنی (مەبعوسان و ئەعیان) کە مەجلیسی (مەبعوسان) لەلایەن خەڵکەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرا، هەرچی مەجلیسی (ئەعیان)یشە لەلایەن سوڵتانەوە تا کۆتایی تەمەنیان ئەندامەکانی هەڵدەبژێردرا. قۆناغی دووەمی مەشروتیەتیش لە 23 تەمموزی ساڵی 1908 بە دووبارە ڕاگەیاندنەوەی دەستوور و کردنەوە مەجلیسی مەبعوسان دەستی پێکردەوە و تاوەکو کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام بوو. (توێژەر)

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

Ahlakı-i İslamiyye Esasları, 1912.
va-yı kavmiyet, 1914. 'da da 'İslam
Sahih-i Buharı muhtasarı ,Tecrid sarih tercümesi ve şerhi 19128
Felsefe dersleri
İlm-i mantık
Mabad-i felsefeden ilmün Nefs.

سەرەرای ئەو كتێبانەوە سەرەوە ناوبراو خاوەن چەندین گوتارە كە لەرۆژنامەكانی :

ثروت فنون*
صراط مستقیم
سبیل الرشاد ((Kılıç 2014, 12.

**٢,٢. ئیسماعیل حەققی بابانزادە:**

ئیسماعیل حەققی بابانزادە دووەمین كوڕی مستەفا زیهنی بوو، لەدوای بابانزادە ئەحمەد نەعیم. لە ساڵی ١٨٧٦ لە بەغداد لە دایكبوە و دوای تەواوكردنی خوێندنی سەرەتایی لە بەغداوە دێنە ئەستەموڵ و هەرلەوێ بەردەوامی بەخوێندن دەدات لە ساڵی ١٨٩٥ لە قوتابخانەی سوڵتانییە خوێندنی ناوەندی تەواودەكات. دواتر دەچێتە قوتابخانەی موڵكییە. بەڵام بەهۆی ئەوەی ناوبراو هەر لەسەرەتایی گەنجییەوە خاوەن بیرێكی ئازاد بوە، ئەمەش لەگەڵ كەش و هەوایی قوتابخانەی موڵكییەدا نەدەهاتەوە. دواتر بەهۆی هەندێ ڕەفتاری نەگونجاو لەگەڵ سیستمی قوتابخانەكەدا لەكاتێكدا لە كۆتا پۆلدا دەبێت لە قوتابخانە دەردەكرێت. ئیسماعیل حەققی بابانزادە كۆڵنادات و لەلایەک بەهۆی شارەزایی زۆری لە زمانی فەرەنسی دەست دەكات بە لێكۆڵینەوە لە چەند دانراوێكی فەرەنسی، لەلایەكی تریشەوە لە خوێندن لە ( فێرگەی ماف- مەكتەبی حقوق) بەردەوام دەبێت لە خوێندن و لە ساڵی ١٩٠٢دا خوێندنی حقوق بە پلەی باڵا( عالی اعلی) تەواو دەكات (Mayak 2019, 7).

سەبارەت بە دەستپێكی ژیانی ڕۆژنامەوانیی، ئەو یەكەمجار لە ڕۆژنامەی ( اقدام- İkdam)ەوە* دەستی پێكردوە و ماوەیەكی درێژ لەو ڕۆژنامەدا كاری كردوە. دوای ڕاگەیاندی دووەمین مەشروتییەت لە بەشی چاپكراوە بیبانییەكان دەست لەكاردەكێشێتەوە و لەرۆژنامەی(اقدام) جیادەبێتەوە و كاری ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەی تەنیین(طنین)* بەردەوامی پێدەدات و تاوەكو كۆتایی تەمەنی لەو ڕۆژنامەدا دەمێنێتەوە. لەهەمان كاتیشدا ئەندامبوە لە دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی ( شورای امت)، ئیسماعیل حەققی هەندێجار نوسینی بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژی كوردیش نوسیوە. شایەنی باسە ناوبراو لەرۆژنامەی تەنیندا لە دوای حسێن جاهیدی سەرنوسەر وەكو سەرنوسەری دووەم نوسینی نوسیوە، لەوەش زیاتر ناوبرا لەكاتی گرفت و كێشەكاندا خۆی بەرپرسیارێتی هەڵگرتوە. لەكاتی ئامادەنەبوونی حسێن جاهد ئەو ئەركی سەرنوسەری ڕاپەڕندوە. (Mayak 2019, 8).

* ثروت فنون : سەرەتا ئەم ڕۆژنامە وەک پاشكۆی ڕۆژنامەی (سەروەت) كە لەلایەن نیكۆلادیسەوە لە ئەستەموڵ دەردەچوو و خاوەن ناوەڕۆكێكی زانستی بوو لە ٢٧ی مارتی ١٨٩١دا دەست بە چاپ و بڵاوكردنەوەی كرا. دواتر ئەم ڕۆژنامە لەلایەن ئەحمەد ئیحسان تۆكگۆزەوە دەست بە بڵاوكردنەوەی كرا، دواتر بوو بە زمانحاڵی گووپەكانی : ئەدەبیاتی نوێ، فجری اتی، و ئەدەبی میللی، ئەم ڕۆژنامە تاوەكو ٢٥ی مایسی ١٩٤٤ لە چالاكی بەردەوام بوو.

* اقدام ؛ ڕۆژنامەیەكی سیاسی، زانستی ڕۆژانە بوو. یەكێكە لە بەتەمەنترین ڕۆژنامەكانی ناو دونیای چاپ و بڵاوكردنەوەی توركی، یەكەمین ژمارەی لە ١ی محرم ١٣١٢ک ٥ی تەموزی ١٨٩٤ بڵاوبوەتەوە. بەبڵاوكردنەوەی ژمارە ( ١١٣٨٤) لە ٣١ی كانونی یەكەمی ١٩٢٨دا كۆتایی بە ژیانی بڵاوكردنەوەی هات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : Nesim Yazıcı,İKDAM https://islamansiklopedisi.org.tr/ikdam

* طنین ؛ ئەم ڕۆژنامە لە لایەن حسین جاهد یالچینەوە دەردەكرا لەماوەی چوار خولدا بە كۆی گشتی ١٧ ساڵ لە بڵاوكردنەوە بەردەوام بوو، شایەنی باسە لە خولی یەكەمییدا لە ڕووی سیاسییەوە زۆر كاریگەر بوو. ڕۆژنامەی تەنین لە یەكی ئابی ١٩٠٨ دا یەكەمین ژمارەی بڵاوبویەوە تاوەكو ٣١ی تشرینی یەكەمی ١٩١٨ ( ٣٥٥٠) ژمارەی لێ بڵاوكرایەوە. دووەمین خولی تەنین لە ١٤ی تشرینی یەكەمی ١٩٢٢ دەستی پێكردەوە تاوەكو ١٦ نیسانی ١٩٢٥ لە ماوەی ئەم خولەشدا ( ٩٠٣) ژمارەی لێ چاپكرا. سەبارەت بە خولی سێیەمی ڕۆژنامەی تەنین لە ٣٠ی ئابی ١٩٤٣ دەستی پێكردەوە تاوەكو ١٤ی تشرینی دووەم ١٩٤٧ ( ١٥١٢) ژمارەی لێ چاپ و بڵاوكرایەوە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئیسماعیل حەققی بابانزاده لە هەڵبژاردنی کانونی دووەمی ۱۹۰۸دا بەنوێنەری بەغداد هەڵدەبژێردرێت و دەبێتە ئەندام لە ئەنجومەنی نوێنەران( مەجلیسی مەبعوسان). لێرە بەدواوە ناوی بابانزادە زوو زوو وەک سیاسییەکی چالاک دێتە گۆرەپانی سیاسییەوە (Hut 2013, 107). لەساڵی ۱۹۰۹ لەگەڵ گروپێک لە نوێنەری مەبعوسان گەشتێک دەکەن بۆ فەرەنسا و ئینگلتەرە، ناوبراو تێبینییە سیاسی و کلتورییەکانی ئەم گەشتەی نوسیوە و لە ڕۆژنامەی تەنیندا بڵاویکردۆتەوە (Hüseyin Özdemir 2015, 22).

ئیسماعیل حەققی بابانزادە، لەژیانییدا چەندان پۆست و پلەی کاری کردوە تا گەشتۆتە پلەی مودەریس، دواتر لە دوای دامەزراندنی حکومەتەکەی یەکەم سەرۆک وەزیرانی ئیتیحادچی لە کانونی دووەمی ۱۹۱۰، ئیسماعیل حەققی بابانزادە لە ٢ی مارتی ۱۹۱۱دا بە وەزیری مەعاریف( پەروەردە) دانرا و بەمەش گەشتە لوتکەی پێشکەوتن لە ژیانی ئیدارییدا (Hut 2013, 108-109).

سەبارەت بە کەسایەتی ئیسماعیل حەققی بابانزادە، کەسێکی میانگیربوە و لایەنگیر و پشتیوانی سیاسەتی نا-ناوەندێتی ( عدم مرکزیت) کردوە لەم ڕوانگەشەوە پشتگیری لە قانونی ویلایەتی ۱۹۱۳ کردوە. ناوبراو نوسەرێکی جەسوور و چاونەترس و حەقخواز بوە، بەجۆرێک هەر تاوانێکی سیاسی بکرایە بۆی گرنگ نەبوو لە لایەن کێوە کراوە ئایا ئەولایەن دۆستین یان نەیار، سەرکۆنە و ڕەخنەبارانی دەکرد. (( Hüseyin Özdemir 2015, 21 ).

سەبارەت بە مردنی ئیسماعیل حەققی بابانزادە، ناوبراو گەرچی هێشتا لە تافی لاویدا بوە و زۆری لەهەگبەدا بوو پێشکەشی بکات، بەڵام لە ٢٥ کانونی دووەمی ساڵی ۱۹۱۳ و لە تەمەنی ۳۷ ساڵییدا لەکاتی وانە وتنەوە لە پۆلی دووەمی لە قوتابخانەی موڵکییەدا کوتوپڕ لە هۆش خۆی دەچێت و گیان لەدەست دەدا. گەرچی زۆرێک لەسەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە بەهۆی جەڵدەی دڵەوە مردوە، بەڵام بە گوێرەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچونەکانی ڕۆژنامەی تەنین ناوبراو بە خوێنبەربوونی مێشک کۆچی دوای کردوە (Mayak 2019, 20-21).

شایەنی باسە، ئیسماعیل حەققی بابانزادە سەرەڕای ئەو گوتارانەی لە ڕۆژنامەکانی( اقدام، طنین و کرد تعاون ترقی غزتسی) چەند بەرهەمێکی بە شێوەی کتێب چاپ و بڵاوکراونەتەوە کە ئێمە لێرەدا بەکورتی دەیانخەینەڕوو:

- Irak Mektubleri, ( Kanaat Matbaası, 1329, istanbul.،247 لاپەڕە
- Hukuk-i İdare( Meekteb-i Hukuk 1. Sınıf ders notları I.Kısım, kanaat Matbaası, İstanbul 1328. 504 لاپەڕە بوە.
- Hukuk-i Esasiye حقوقی اساسیه،
- Bismark: Hayat-ı Hususi ve siyasi, Dersaadet 1320, 368 لاپەڕە.)
- Dreyfüs Meselesi ve Esbab-i Hefiyesi, 1315, Artin Asaduryan Şirket-i Mürettibiye Matbaası, 420 لاپەڕە

شایەنی ئاماژە بۆکردنە نوسەر ئەم دوو کتێبەی دواییانی بە هاوبەشی لەگەڵ عەلی ڕەشاد بەگدا نوسییون. کتێبی ( یاسا بنەڕەتییەکانیشی بوە بە مەنهەجی زانکۆ لە کۆلێژی ماف. (Hut 2013, 120-121).

ئیسماعیل حەققی بابانزادە، گەرچی لەگەڵ جیاکردنەوەی کوردستان لە دەوڵەتی عوسمانی نەبوە، بەڵام بە ڕوونی و ڕاشکاوییەوە داوای خوێندن و پەروەردەی بەزمانی کوردی کردوە بۆ کورد، لە گوتارێکدا بەزمانی تورکی لەڕۆژنامەی (کرد تعاون ترقی غزتسی) لە بەرواری ۱۹ی کانونی دووەمی ۱۹۰۸دا بڵاوی کردۆتەوە لەژێرناوی "لەبارەی زمانی کوردییەوە ( Kürtçeye Dair)" تێیدا باسی لە بایەخی خوێندنی بەزمانی کوردی بۆ منداڵانی کورد کردوە (Mayak 2019, 17-18).

### ۳,۲. حسین شوکرو بابان ( ۱۸۹۰-۱۹۸۰):

یەکێکی تر لە کوڕەکانی مستەفا زیهنی کە لە ئیستەمول خاوەن ناو و پایەیەکی گەورە بوە و بەنوسین لە بواری ئابوریدا بەناوبانگ بوە، حسێن شوکرو بابان بوە کە لە ساڵی ۱۸۹۰ لە ئەستەمول لەدایکبوە. سەرەتا خوێندنی لەماڵی خۆیانەوە دەست پێکردوە و خوێندنی ناوەندی لە ئەستەمول تەواو کردوە. دواتر بەهۆی ئەوەی باوکی موتەسەریفی (بۆلو) بوە چونەتە بۆلو لەوێ خوێندنی ئامادەی خوێندوە و دوای گەڕانەوەیان بۆ ئەستەمول چوەتە ئامادەی گەڵەتەسەرای ئەوێشی بە پلەی یەکەم تەواوکردوە.
سەبارەت بەسەرەتای کارکردنی، ناوبراو دوای ڕاگەیاندنی دووەمین مەشروتییەتدا لە ساڵی ۱۹۰۸دا لە ڕۆژنامەکانی ( اقدام و طنین) دا دەست بە نووسین دەکات. دواتر دەچێتە پاریس و لەوێ لە کۆلێژی ماف و قوتابخانەی زانستە سیاسییەکان ماوەی سێ

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ساڵ خوێندنی مولکییە تەواو دەکات. دوای گەڕانەوەی لە فەرمانگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپکراوەکان و لە کۆمیسەری باڵای میسر دەبێتە( کاتب). دوای گەڕانەوەی لە میسر لە ڕۆژنامەکانی:" طنین، هلال، ترجمان حقیقت" کاری کردوە. لەگەڵ وەفدی ئابوری دەوڵەتدا وەک ئەندام چووەتە مۆسکۆ، کاتێک (مستەفا عارف بەگ) بوە بەوەزیری ناوخۆ ناوبرا بەڕێوەبەری نوسینگەی ناوبراو بوە. دواتر لە ڕۆژنامەی (ترجمان حقیقت) وەک خاوەن و سەرنوسەر ماوەی پێنج شەش ساڵ تەنها سەرقاڵی کاری ڕۆژنامەوانی بوە. دواتر وەک پرۆفیسۆر (مامۆستا) بۆ قوتابخانەی مولکییە هەڵدەبژێردرێت. ماوەیەکی زۆر وەک هاریکاری بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی باڵا کاری کردوە. دواتر لە بەشی ئابوری گشتی کە تازە لە زانکۆی ئەستەموڵ کرابویەوە وەک مامۆستا دادەمەزرێنرێت. لەهەمان کاتتدا هەم لە زانکۆ و هەمیش لە قوتابخانەی بازرگانی مامۆستا بوە.

شایەنی گوتنە شوکرو بابان تاوەکو کۆچی دوایی کردوە هاوسەرگیری نەکردوە و هەر بە سەڵتی ژیاوە، وەسییەتی کردوە کە دوای خۆی تەواوی سەروەت و سامانەکەی بدرێت بە خانەی (بەساڵاچوان و پەککەوتوان- دار العجزە) (پاشکۆی(٢) بێ بەروار). حسین شوکرو بابان دوای خۆی چەند کتێبێکی لە بواری ئابورییدا بە جێهێشتوە کە ئەمانەن:

- ✓ مسالک اقتصادی تاریخی
- ✓ اقتصادی زراعی
- ✓ گومروک قوانیننە مدخل
- ✓ اقتصاد اجتماعی (پاشکۆی(٣) بێ بەروار)

### ٣,١. ڕۆڵی ئیداری مستەفا زینهی لەدەوڵەتی عوسمانییدا:

مستەفا زیهنی بەتەواوی مانای وشە کەسێکی دەوڵەتمەداربوە، لەهەرشتێک زیاتر لە ئیدارەی دەوڵەتدا لێهاتوو و سەرکەوتوو بوە، بەڵگەشمان لەسەر ئەم گوتەیەمان، لەلایەک ئەو لە تەمەنێکی زووەوە توانیویە سەرنجی پیاوانی گەورەی دەوڵەتمەدار(مدحت پاشا)ی دەوڵەتی عوسمانی بۆلای خۆی ڕابکێشێت و بەزووی بگاتە پۆست و پێگەی گرنگ لە ئێدارەی دەوڵەتدا، لەلایکی ترەوە کارکردنی لە پێگەی موستەریفی لەزیاتر لە دە سەنجاق و والییەتی کردن لەسێ ویلایەتی گرنگی دەوڵەتی عوسمانیدا بەڵگەن لەسەر ئەو بانگەشەی ئێمە بۆ مستەفا زیهنی. سەبارەت بەڕۆڵی ئیداری ناوبراو، ئەکرێت و چەندین بەڵگەو زانیاری لەبەردەستدان کە زۆر بەدرێژی لە بارەیەوە بنوسرێت. بەڵام ئێمە لێرەدا بە ئەندازەی دەرفەتمان لەم لێکۆڵینەوەدا ناچارین بە کورتی لەبارەیەوە بدوێین و بە خێرای گوزەرێک بکەین بە ژیانی ئیداری ناوبراودا. چونکە لێکۆڵینەوە لەڕۆڵی ئیداری ناوبرا بەتەنها پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ یان دەگونجێت بکرێتە بابەتی نوسینی کتێبێک.

سەرەتا بەباشی دەزانین دیارترین ئەو پۆستە ئیدارییانەی مستەفا زیهنی وەریگرتوون وکاری تێداکردوە بخەینەڕوو، ئەمانەی خوارەوە دیارترین ئەو پۆستە ئیداری و دەوڵەتییانە بوە کە ناوبراو لە ماوەی ژیانیدا وەریگرتوون.

- ✓ لە بەشی تۆماری تاپۆی بەغداد.
- ✓ فەرمانبەرێتی تۆماری سەنجاقی حلله
- ✓ لە مەکتەبی قەلەمی بەغداد.
- ✓ لە بەڕێوەبەرایەتی تەحریراتی مەرکەزی ویلایەتی بەغداد
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەحریراتی موسڵ
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەحریراتی شارەزوور
- ✓ یاریدەدەری مودەی عمومی سەنجاقی موسڵ
- ✓ باش کاتبی ئیدارەی ئەنجومەنی ویلایەتی بەغداد
- ✓ مەکتوبچی والی بەغداد
- ✓ چوارەمین پلە میری میرانی
- ✓ فەرمانبەری تایبەتی
- ✓ موتەسەرریفی سەنجاقی حودەیدییە
- ✓ موتەسەرریفی سەنجاقی کەربەلا
- ✓ موتەسەرریفی سەنجاقی قۆزان
- ✓ موتەسەرریفی سەنجاقی ئیسپارتە ( حەمیدئاباد)


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص: 40-59 المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

- ✓ موتەسەرریفی سەنجاقی تەککە
- ✓ موتەسەرریفی سەنجاقی ئەنتالیا
- ✓ موتەسەرریفی سەنجاقی بەرات
- ✓ موتەسەرریفی سەنجاقی تەرابلوسی شام
- ✓ موتەسەرریفی سەنجاقی بۆلو
- ✓ موتەسەرریفی سەنجاقی گوموشخانە
- ✓ موتەسەرریفی سەنجاقی مەرعەش
- ✓ موتەسەرریفی سەنجاقی بوردور.
- ✓ والی ویلایەتی ئەدەنە
- ✓ والی ویلایەتی یانیا
- ✓ والی ویلایەتی حیجاز (Bukarlı 2019, 105-106) .

ڕۆڵ و ژیانی ئیداری مستەفا زیهنی بەسەرهاتی چیرۆکێکی درێژ و پڕلە سەرکەوتن و بەرەو لوتکە چوونە. بەسەرهاتی گێرانەوەی ئەزموونی کەسێکە کە ماوەی چل ساڵ لە پۆستە ئیدارییەجیاوازەکانی دەوڵەتدا و لە ناوچە جیاوازەکانی دەوڵەتدا کاری کردوە و گەشتۆتە پلەی والی، وەک لەسەرەوە باسمان کرد، لەکۆتایی تەمەنیدا پلەی وەزیری و والییەتی بەغدای بۆ پێشنیارکراوە خۆی نەیویستوە و ڕەتیکردۆتەوە. ئەگەرچی ژیانی ئیداری پڕە لە سەرکەوتن و بەرەوپێشچوون، بەڵام خاڵیش نەبوە لە گرفت و کێشە و ئاستەنگ کە لەدواییدا بە گوێرەی دەرفەت ئاماژەی بۆ دەکەین و چەند نموونەیەک لەو بارەوە دێنینەوە،

ئەگەر بەشێوەیەکی خێرا گەشتێک بکەین بەناو ژیانی ئیداری ناوبراودا دەبینین، مستەفا زیهنی ژیان و ڕۆڵی ئیداری لە دەوڵەتی عوسمانییدا بە وەرگرتنی ئەرکێک لە ئیدارەی بەغداد لە ١٣ی حوزەیرانی ١٨٦٩دا و لە تەمەنی نۆزدە ساڵییدا دەستپێکردوە. بەڵام بە هۆی وریایی و بلیمەتی توانیویەتی زووبەزوو پلە وەزیفییەکان ببڕێت و دوای کارکردنی لەچەندین لە ( حللە، شارەزوور، موصڵ و بەغدا) بگات بە پۆستی ( باش کاتب) لە ویلایتی بەغدا دواتر پۆستی فەرمانبەری پلە دووی قۆناغ دوو، هەروەها لە ١٦ی مایس ١٨٨٢ پلەکەی بەرزکرایەوە بۆ (میری میران) ( BOA. DH. Memur sicil zarflary( SAİD. MEM.). Dos/Göm. nr. 4/442-443.بێ بەروار).

مستەفا زیهنی ناوەندی ئیداریدا کاری کردوە زوو بوەتە جێگەی ڕەزامەندی و متمانەی دەوڵەتمەدارانی دەوڵەتی عوسمانی، هەموو ئەمانەش بوونەهۆی ئەوەی ناوبراو لەژیانی ئیدارییدا بەرەوپێشەوە بڕوات. مستەفا زیهنی بۆیەکەمجار و لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٥دا گەشتە پلەی موتەسەریفی ( حودەیدە) ( BOA. DH. Memur sicil zarflary( SAİD. MEM.). Dos/Göm. nr. 4/442-443.بێ بەروار) لە ویلایەتی یەمەن. ئەمە نەک تەنها پۆستی ئیداری نەبوو کە ناوبراو وەریگرتوە، بەڵکو بوە جێگەی متمانەی زیاتری دەوڵەت و دەرگای دەزگا ئیدارییەکانی دەوڵەتی بەڕوودا کردەوە.

مستەفا زیهنی لەچەندین سەنجاقی جیاواز لە پۆستی موتەسەرریفیدا کاری کردوە، لەوانەش: لە ١٩ی ئەیلولی ١٨٨٦ بە مووچەی ( ٦٠٠٠) قروش دەکرێت بە موتەسەرریفی کەربەلا، لە ٨ی کانونی یەکەم ١٨٨٩ بە مووچەی ( ٥٥٠٠) قروش بە موتەسەرریفی کۆزان دانرا، لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٨٩١ حەمیدئاباد( ئیسپارتە)، لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٨٩٢ موتەسەرریفی تەککە، لە ١٨٩٤ بە موتەسەریفی ئەنتالیا دامەزرا، لە ساڵی ١٨٩٥ بوبە موتەسەرریفی بەرات، لە ٢٦ی شوبات ١٨٩٥بوبە موتەسەرریفی تەرابلوسی شام، لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٦ بوە موتەسەرریفی بۆلو، لە ٢٣ تشرینی یەکەمی ١٩٠٢ لەجێگەی خدر بەگ بوە بە موتەسەرریفی گۆموشخانە لە ٢٨ی تشرینی یەکەم ١٩٠٧، کۆتا پۆستی موتەسەرریفی کە کاری تێدا کردوە موتەسەرریفی ( بۆدور) بوە کە لە کانونی دووەمی ١٩٠٧دا ئەو پۆستەی وەرگرتوە. (Bukarlı 2019, 108-131)) وەک ئاماژەمان بۆکرد، مستەفا زیهنی بەردەوامبوو لەبەرەوپێشبردنی کارێری کەسی خۆی و توانی لە ساڵی ١٨٨٦دا بگاتە پلەی (میری میران). دوای کارکردنی وەک موتەسەرریف لە چەندین سەنجاقی جیاوازدا و نیشاندانی دڵسۆزی و توانا و لێوەشاویی لە بەڕێوەبردن و ئیارەدانی پۆستی ئیداری دەوڵەتدا، ناوبراو لە نیسانی ١٩٠٩دا بەمووچەی (١٢٥٠٠) قروش کرایە والی ئەدەنە (BOA. DH. Memur sicil zarflary( SAİD. MEM.). Dos/Göm. nr. 4/442-443. بێ بەروار). ناوبراو ماوەیەکی درێژ لەم پۆستەدا نەمایەوە لە ٢ تشرینی دووەمی ١٩٠٩دا پۆستەکەی لێوەرگیرایەوە. دوای ماوەیەکی کورت بەهۆی ئەزمونی زۆرییەوە لە ٢٩ی تشرینی دووامی ١٩٠٩دا بە والی (یانیا) دامەزرێنرا، تاوەکو ساڵی ١٩١٢ لەم پۆستە بەردەوامبوو. مستەفا زیهنی دوای پۆستی والییەتی (یانیا) لە ٢٧ کانونی دووەمی ١٩١٢ کرایە بە والی ویلایەتی ( حیجاز) ناوبراو ماوەیەکی کورت ئەم

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

پۆستەی بەڕێوەبرد کە هەموو تەنها نۆ مانگ بوو لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩١٢ لە دەستی لە پۆستەکەی پێ هەڵگیرا ( Bukarlı (2019, 132-145. ئەم دوا پۆستی ئیداری مستەفا زیهنی بوو، دواتر بە فەرمانێکی میری مووچەی بێ کاری بۆ بڕایەوە و ئەوەش نیشاندرا کە هیچ ئاستەنگێکی یاسایی نیە ئەگەر ناوبراو لە ئایندەدا پۆستی تر وەر بگرێت. بەڵام ناوبراو ئیتر هیچ پۆستێکی تری وەرنەگرت.

بەگوێرەی تۆماری فەرمانبەرێتی مستەفا زیهنی کە لە تۆماری گشتی دەوڵەتی عوسمانیدا تۆمارکراوە، کە تێیدا زانیاری تەواوی تێدایە لەبارەی ئەو ئەرکە دەوڵەتییانەی کە ناوبراو وەری گرتوون، مستەفا زیهنی لەوماوە درێژەی ژیانی فەرمانبەرێتی دەوڵەتدا دووجار گوایە بە هۆی گەندەڵی و کەمتەرخەمی لەکارەکەیدا، لە کار دوورخراوەتەوە دوای پێشکەشکردنی سکاڵا بۆ پێداچوونەوەی کەیسەکەی مستەفا زیهنی توانیویەتی بێتاوانی خۆی بۆ دەزگاکانی دەوڵەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بسەلمێنێت. یەکەمیان کاتێک کە دەزگای تۆماری ویلایەتی بەغدا بوو، بەهۆی ڕاپۆرتی ویلایەتی موسڵ لەبارەی ئەوە کە مستەفا زیهنی پەیوەندیگرتوە و دەستی تێکەڵکردوە لەگەڵ هەندێ عەشایەری یاخیی لۆکاڵییدا، ناوبراو لە ١٠ی ئابی ١٨٨٣دا لە دەزگای تۆماری ویلایەتی بەغداد لە کار دوورخراوەتەوە. بەڵام دوای ئەوەی ناوبراو بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە هەم بەنییەتێکی خراپ ئەوکارەی نەکردوە وەک لە ڕاپۆرتەکەی ویلایەتی موسڵدا هاتوە و هەمیش بۆ ئەوەی لێهاتووی دڵسۆزی و شایانیەتی سۆزی بەندەکارانەی بیسەلمێنێت عەرزوحاڵێک( سکاڵا) یەکی ئاراستەی والی بەغدا( تقی الدین) و لە ڕێگەی ئەویشەوە بۆ سەرۆکی شورای دەوڵەت ، ئینجا بۆ موشیری ئوردوی پێنجەم و( هیدایەت پاشا) لەلایەن ئەویشەوە بۆ پلە باڵا سەرعەسکەر و لەویشەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ کردوە و تانەی لەو ڕاپۆرت و فەرمانی لەسەرکارلابردنی داوە و داوای کردوە دۆسییەکەی لێکۆڵینەوەی لێبکرێت و هەواڵەی لیژنەی لێکۆڵینەوە بکرێت. دوای لێکۆڵینەوە بێتاوانی ناوبراو سەلمێنراو و دەرکەوت کە ناوبرا بێتاوانە، لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٥دا بە مووچەی ٧٥٠٠ قروش کرابە موتەسەرریفی(حودەیدە) ( BOA. DH. Memur sicil zarflary( SAİD. MEM.). Dos/Göm. nr. 4/442-443.بێ بەروار).

جاری دووەم، لە کاتێکدا کە موتەسەرریفی سەنجاقی تەککە بوە بەوە تاوانبارکراوە گوایە بە پێچەوانەی یاساوە دارستان براوەتەوە و تەختکراوە و دواتر وەزارەتی کانزاکان و کشتوکاڵی لێ ئاگادارکراوەتەوە، بە تاوانی بەشداریکردن لە گەندەڵی وئاگاداربوون لەدزی و بایەخ پێنەدانی یاخود پشتگوێخستنی بەمەستی ئەم بابەتە، بە لەبەرجاوگرتنی پلە و پێگەی ئەو لەوێدا کە باڵادەست بوە، بە گوێرەی نوسراوی فەرمی لەڕێگەی وەزارەتی ناوخۆوە لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٤ فەرمانی لەسەر کارلابردنی پێ ڕاگەیەنراوە و لە کاردورخراوەتەوە. دواتر ناوبراو تانە لە بڕیارەکەدەدات و سکاڵایەک پێشکەشی شورای دەوڵەت و بەشی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی ناوخۆ کردوە، دواتر لە ٢١ی حوزەیرانی ١٨٩٤دا بە نوسراوی ژمارە ٢٤ کە لەلایەن ( سجل احوال دائرە عمومیەسی) ڕاگەیەنراوە کە دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتوە دەرکەوتوە کە ناوبراو جگە لەدڵسۆزی و باش کارکردن هیچی تر لە دۆسیەی کەسیدا بونی نییە، ئاماژش بەوە کراوە کە لابردنی لە پۆستی موتەسەرریفی تەککە کارناکاتەسەر دانان و دامەزراندنی ناوبرا لە هەر پۆستێکی میری تردا. بە نوسراوێک لە بەرواری ١٩ی تەموزی ١٨٩٤ موچەیەکی ١٦٦٦ قروشی بۆ دەبڕرێتەوە. ( BOA. DH. Memur sicil zarflary( SAİD. MEM.). Dos/Göm. nr. 4/442-443.بێ بەروار). دواتر لە ساڵی ١٨٩٤ بە موتەسەریفی ئەنتالیا دادەمەزرێنرێت.

### ٤,١. ڕۆڵی ڕۆشنبیری و کلتوری بابانزادە مستەفا زیهنی:

مستەفا زیهنی سەرەڕای ئەوەی لە بواری کارگێری و ئیدارەی دەوڵەتی عوسمانیدا ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی گێڕاوە و چەندین پۆستی ئیداری و میری گرنگی بە سەرکەوتووی بەڕێوەبردوە، لە بواری ڕۆشنبیری و کلتوریشی پشتگوێ نەخستوە و گرنگی بە نوسین و وەرگێڕانیشداوە و لەم بوارەشدا جێ پەنجەی خۆی جێهێشتوە و چەند کتێبێکی نووسیوە و وەرگێڕاوە کە دیارترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

#### ا. کتێبە دانراوەکانی:

- **قوی مەعنویە:** مولفی بولو متصرفی مصطفی ذهنی. وەک لە لەسەر بەرگی کتێبەکە دیارە ئەم نوسینە یەکێکی ترە لە دانراوەکانی بابانزادە مستەفا زیهنی، ژمارەی سپاردنی (٤٦٩) وەزارەتی مەعاریفی لە ( ١٥ی ربیع الاخر ساڵی ١٣١٥ک – ١٣ی ئەیلول ١٨٩٧) وەرگرتوە و لە هەمان ساڵدا لە چاپخانەی ( عالم – احمد احسان شرکاسی ) چاپ و بڵاوکراوەتەوە و لە(١٠١) لاپەڕە پێکهاتووە. سەبارەت بەناوەڕۆکی ئەم کتێبە بەگشتی دابەشکراوە بەسەر پێشەکییەک و شەش ( فقره_ برگە)ی سەرەکی و ئەنجامێک و چەند بەشیکی لاوەکی تردا کە هەڵگری ناونیشانی ترن. بەم چۆرە دابەشکراوە: پێشەکی ، برگەی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

یەکەم ، تەعەسوب، برگەی دووەم، برگەی سێیەم، برگەی چوارەم ، تجارت اردوسی، مسکرات اردوسی، قمار اردوسی، فائض اردوسی، فحشیات اردوسی، برگەی پێنجەم سعادت حقیقیە، برگەی شەشەم، تجارت اردوسنە مدافعە، مسکرات اردوسنە مدافعسنە، قمار اردوسنە مدافعە، فحشیات اردوسنە مدافعە ، فائض اردوسنە مدافعە، خاتمە (ذهنی, مصطفى، ١٣١٥).

سەبارەت بەناوەڕۆکی ئەم کتێبە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ جەند خاڵێک بکەم، یەکەم نوسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پێویستە زیاتر گرنگی بە نوسین و چاپکردنی کتێب بدرێت زیاتر لە نوسین لە ڕۆژنامە، چونکە کتێب هەم کاریگەرترە و هەمیش زیاتر دەمێنێتەوە. دووەم، نوسەر زۆر بە وردی هاتۆتە سەر باسکردنی چەمکی( تعصب_ دەمارگیری) باسی لەهاتنەکایەی ئەم چەمکە کردووە بۆناو دەوڵەتی عوسمانی، کە پێی وایە سەرچاوەی هاتنەناوەوەی ئەم چەمکە بۆناو دەوڵەتی عوسمانی ئەوروپابوە. دواتر هاتۆتەسەر باسی سوود و لە سوودی ئەم چەمکە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە ئەوەی دەوڵەتۆلکە جیاوازەکانی ئیتالییای یەکخستوە جگە لە ( تەعەسوب) چی تر بوە؟ سەبارەت بەزیانەکانی دەمارگیری لە دروستکردنی ناکۆکی نێوان دەوڵەتان و نەتەوە جیاوازەکان لەمەشدا ئاماژە بۆ گرفتی نێوان ( نەمسا و مەجەرستان).

لەم کتێبەبەدا نوسەر باسی لە زیانەکانی پێنج بابەتی( بازرگانی، بابەتی سەرخۆشکەر، قومار، سوو، فاحیشە)کردوە و ئاماژە بۆ ئەوەکردوە کە لەم پەیامەدا باسی لە کاریگەری ماددی و مەعنەوی لەسەر ئەخلاق و مالی و ئادابی گشتیمان ڕوونکردۆتەوە. لەویشدا ئاماژەی بۆ ئەوەکردوە گەرچی باسی زیان و کاریگارییە خراپەکانی لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا، ڕۆژانە دەنوسرێت و باسدەکرێت، بەڵام من لەو باوەڕەدام کە بەقەد ئەوەی بەشێوەی کتێب و رسالە بنوسرێت هێز و کاریگەری نابێت، هەر لەبەرئەم هۆیەش هەوڵی کۆکردنەوەو نوسینی ئەم کتێبەمدا چونکە پێمو ابوو زۆر کاریگەرتر و زیاتر سوودمەندتر دەبێت و دەبێتە جێگەی سەرنج (ذهنی, مصطفى، ١٣١٥)

- **توسیع مأذونیت:** مولفی بابان مصطفى ذهنی، استانبول ، محمود بک مطبعەسی ١٣٢٤. لەبنەڕەتدا کتێبەکە ناوی " توسیع مأذونیت یاخود کتاب ادارەمزدن بر صحیفە". کتێبەکە لە (٧٢) لاپەڕەی قەبارە بچووک پێکهاتوە و لە ساڵی ١٩٠٦دا لە ئەستەموڵ چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەڕووی پێکهاتەشەوە کتێبەکە دابەشکراوە بۆسەر چوار برگە( فقرە)ی سەرەکی، لە برگەی یەکەمدا باسی چەمکی ( ناناوەندێتی – لامەرکەزی) باسی لە بەدییەکانی ستەمکاری کردوە و ئاماژەشی بۆ ئەوەکردوە، گەرچی پرێنس سەباحەدین ڕۆژنامەنووس لەزۆر شوێندا چ بە گووتە و چ بە نووسین باسی لە پرسی ( مرکزیت و عدم مرکزیت) کردوە، بەڵام بە بڕوای من بەشێوەیەکی قەتعی و یەکلاکەرەوە ئەم چەمکە ڕوونەکراوەتەوە و چارەسەر نەکراوە و ئەم بابەتە گرنگە پێویستی بە نوسین و لەسەروەستانی زیاتر هەیە. (مصطفى ذهنی، توسیع ماذونیت، ١٣٢٤, ٤-٥)

لەبرگەکانی تری کتێبەکەدا هاتۆتەسەر باسکردنی چەمکەکانی ( عدم مرکزیت سیاسی، عدم مرکزیت اداری وعدم مرکزیت ادارینک افراطی و تفریطی ، اعتدالی. اصول مرکزیت ، امور ادارە ، امور عدلیە، امور مالیە). بەشێوەیەکی گشتی بابەتی سەرەکی ئەم کتێبە باسکردنە لە گرنگی و بایەخی فۆرمی( لامەرکەزییەت) لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی دەوڵەتدا و تێیدا بە ڕوونی و ڕاشکاوی لایەنگری خۆی بۆ ئەم فۆرمە لە بەڕێوەبردن نیشانداوە و پشتیوانی لێکردوە. لەگەڵ ئەوەشدا زیادەڕەوی لە لامەرکەزییەتیشدا پێ باش نییە و وەک زیادەڕۆی لەهەرشتێکی تردا زیانبەخشە و پێویستە میانڕە و میانگیری پەیڕەوبکرێت. شایەنی باسە لەم کتێبەیدا زۆر بەرگری و لایەنگری لە فۆرمی دەسەڵاتی لۆکاڵی کردوە وەک لە مەرکەزییەت و لە بەشێکی گەورەی نوسینەکەیدا باسی لەو هەڵە و زیانانەکردوە کە بەهۆی مەرکەزییەتەوە توشی بەڕێوەبردن دەبن، لەوێشدا باس لە پێویستی زیادکردن و فراوانکردنی دەسەڵاتی والییەکانی کردوە. بەڵام دیسانەوە ئەگەرچی داوای فراوانکردنی دەسەڵاتی لۆکاڵیی بوە بەڵام بە هەموو جۆرێک دژی پارچە پارچەبوونی دەوڵەت بوەو ڕەتیکردۆتەوە و وەک گوتمان دژی زیادەڕەوی بوە لە دەسەڵاتی لامەرکەزییدا. (مصطفى ذهنی، توسیع ماذونیت، ١٣٢٤).

- **اسلامده خلافت** ، مولفی اطنە والیسی سابق مصطفى ذهنی ، (ابو الضیا) ( قسطنطینیە ١٣٢٧- ١٩١٠.

ئەم پەرتووکە نوسراوی خودی مستەفا زهنییە و وەک لە سەربەرگی کتێبەکە نوسراوە کتێبەکە لە ساڵی ( ١٣٢٧ک – ١٩١٠) لە چاپخانەی ( الضیا) لە شاری ( قسطنطینیە- ئەستەموڵ) چاپکراوە و کتێبەکە لە ( ١٣٢) لاپەڕە پێکهاتوە. هەروەها لەڕووی ناوەڕۆکەوە کتێبەکە لە پێشەکییەک و هەشت بەش ( باس)ی سەرەکی پێکهاتوە. (بڕوانە: مصطفى ذهنی، اسلامده خلافت، پێشەکی ١٣٢٧).

نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا باسی لە گرنگی و هۆکاری نووسینی کتێبەکەی کردوە. لەوێدا کەوتۆتە وێزەی ستەمکاری و فەرمانڕەوایی تاکڕەوی و ئاماژەی بۆ ئەوەکردوە کە سەرەرای ئەوەی بیری مەشرووتییەت و دەستوری بوەتە جێگەی پەسن و

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ڕەزامەندی زۆرینەی خەڵک، بەڵام تا ئەو ساتە( کاتی نووسینی کتێبەکە) ژمارەیەک دژی مەشرووتییەت و دەستوربونە و بەڕوویدا وەستاونەتەوە و بە دژی بنەماکانی ئاینیی پیرۆزی ئیسلامییان داوەتەقەڵەم. نوسەرە وەک خۆی ئاماژەی بۆکردوە کە بیری مەشرووتییەت و دەستور نەک هەر دژی بنەماکانی ئاینی ئیسلام نییە بەڵکو بە تەواوەتی هاوئاهەنگ و گونجاون لەگەڵیدا و هیچ ناکۆکییەکیان لەگەڵییدا نییە، نوسەر بۆ سەلماندنی ڕەوایەتی مەشرووتییەت لەڕووی شەرعی ئیسلامییەوە ئەم کتێبەی نوسیووە. (بڕوانە: مصطفى ذهنى، اسلامده خلافت، پێشەکی ١٣٢٧).

**ب. کتێبە وەرگێڕاوەکانی:**

- **علم و اسلام**، مولفى بولى سنجاغى متصرف مصطفى ذهنى برنجى طبع، ١٣١٦: ئەم پەرتووکە لە بنەڕەتدا بەرهەمی ( فەخری ڕازی)یە و مستەفا زیهنی ئەم پەرتووکەی لە ساڵی ١٣١٦ – ١٨٩٩ وەرگێڕاوەتەسەر تورکی عوسمانی و لە چاپخانەی ( ابو الضیا) لە ( قسطنطینیە- ئەستەمبوڵ) چاپکراوە. کتێبەکە لە (١٤٢) لاپەڕە پێکهاتوە. سەبارەت بە ناوەڕۆکی کتێبەکە، کتێبەکە لە پێشەکییەک و حەوت بەش پێکهاتوە. نووسەر بەشی یەکەمی کتێبەکەی تەرخانکردوە بۆ ڕوونکردنەوەی مانا و پێناسە جیاوازەکانی زانست. لەم بەشەدا پێناسە جیاوازەکانی زانست خراوەتە بەر دیدەی خوێنەران. دواتر و لە بەشێکی تردا چووەتەسەر باسکردنی ئەو چەمکانەی کە وا گومان دەبرێت هاوواتای زاراوەی زانستن، لێرەدا هەوڵی پێناسەکردنی ئەو چەمکانەی داوە. لەبەشی داهاتوودا قووەتەسەر خستنەڕووی بایەخ و پیرۆزی زانست لە دیدی ئیسلامەوە... بەشێکی تری ئەم کتێبە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕوو و هێنانەوەی چەندان بەڵگەی هەڵگۆزراو لە قورئانی پیرۆز لە بارەی پلە و پایەی زانست. دواتر دێتەسەر هێنانەوەی گوتەزا و ڕاو وبۆچوونی زانایانی پایەبەرز کە لەبارەی گرنگی و بایەخی زانستەوە دەریانبڕییوە. لە کۆتایی کتێبەکەشدا باسی سوود و سەمەرەی زانست کراوەو هەرلەم بەشەدا هەندێک بەسەرهاتی خۆش لەبارەی بایەخی زانستەوە گێرراوەتەوە. ( بڕوانە: مصطفى ذهنى علم و اسلام ١٣١٦).

سەبارەت بە هۆکاری وەرگێڕانی ئەم کتێبە، ناوبراو لەو پێشەکییەی کە بۆ کتێبەکەی نووسیوە بەم جۆرە باس لە هۆکاری وەرگێڕانی کتێبەکەی کردووە:" ماوەی چەندان ساڵ ئیسلام و موسڵمانان خاوەن شارستانییەت و پێشکەوتن و زانست بوون. بەڵام وەک دیارە لەم ساڵانەی دواییدا شارستانییەتی ئیسلامی توشی حاڵەتێکی چەقبەستووی و دواکەوتنی وەها بوەتەوە کە نکوڵی لێناکرێت، هاوکات لەگەڵ ئەم دواکەوتنەی شارستانییەتی ئیسلامی شارستانییەتی ڕۆژئاوا پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە دیوە، لێرەدا تەوژمێک دروستبوە کە بانگەشەی ئەوەدەکەن هۆکاری ئەم دواکەوتنەی شارستانییەتی ئیسلامی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیسلام بایەخ بە زانست نادات و زانست دژی ئیسلامە. "...ئێمەش ئەم بۆچوونە بە هەڵبەستراوێکی بێ بنەما دەزانین و هەر بەو هۆکارەش بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بۆچوونە بێ بنەما ئەم کتێبەمان هەڵبژارد بۆ وەرگێڕان تاوەکو وەڵامی هەموو ئەو بۆچوونە ناڕاستانەی پێ بدەینەوە..." (بڕوانە: مصطفى ذهنى علم و اسلام، پێشەکی ١٣١٦).

- **صواب الكلام فى عقائد الاسلام، اثر اضنه والى سابق مصطفى ذهنى ، در سعادت ، محمود بک مطبعەسی ١٣٢٧:** ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩١٠ لە ئەستەموڵ چاپ و بڵاوکراوەتەوە. وەک لە ناونیشانی کتێبەکەوە دیارە کتێبەکە لە بنەڕەتدا بە زمانی عەرەبی نوسراوە و هی شێخ ( حسين افندى جسر)ی خەڵکی تەرابلوسی شامە، واتا کتێبەکە مستەفا زیهنی لە زمانی عەرەبییەوە گۆڕیویەتی بۆ زمانی تورکی عوسمانی، ئەم کتێبە لەڕووی قەبارەوە لەچاو کتێبەکانی تردا گەورەترە و لە ( ٣٦٣) لاپەڕە پێکهاتوە. لەڕووی پێکهاتەوە کتێبە کە دابەشکراوەتەسەر پێشەکییەک و سێ بەش (باب)ی سەرەکی هەریەکە لەو بەشانەش دابەشکراون بەسەر چەند ( باس)ێکدا. (مصطفى ذهنى ، صواب الكلام فى عقائد الاسلام ١٣٢٧).

سەبارەت بە هۆکاری وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ زمانی تورکی عوسمانی لەلایەن مستەفا زهنییەوە وەک خۆی لە پێشەکی وەرگێڕانەکەدا روونیکردۆتەوە بۆ ئەوەی گەڕاندۆتەوە کە لەم چەند سەدەیەی دوایدا پێشکەوتنێکی زانستی حاشا لێنەکراو لە ئەوروپا ڕوویداوە، ئەم پێشکەوتنە زانستییە لەگەڵ خۆیدا تەوژمێکی فکری بێ دینی(dinsizlik) هێناوە. بەڵگەوبیانویی شوێنکەوتوانی ئەم تەوژمە ئەوەبوە کەگوایە هۆکاری ئەم پێشکەتنەی ئەوروپا بۆ دورکەوتنەوەی خەڵکی لەدین دەگەڕێتەوە و پێیان وابوە دین بەهەموو جۆرێ دژی زانست و پێشکەوتنە. دواجار دێتەسەر ئەو بڕوایەی ئەم تەوژمە لەبیرکردنەوە هاتوتە ناو خاکی عوسمانییەوە بۆیە بۆ ڕێگەگرتن لەم بیرکردنەوە پێویستە لەسەر زانایان و ئەدیبە موسولمانەکان بایەخ بەم بابەتە بدەن و ئەوە رون بکەنەوە کە دینی ئیسلام بە هیچ جۆرێک دژی زانست و پێشکەوتن نییە، بەڵکو رونی بکەنەوە کە ئیسلام چەند بایەخی بە زانست و زانیاری داوە.پێویستە بە بەڵگەی قورئان وفەرموده و گوتەی گەورە زانایان بەرپەرچی هەموو ئەو باوەڕە هەڵبەستراوانە بدرێتەوە کەئیسلام و ئیسلامییەت بە ڕێگرو و دژی زانست و زانیاری دەزانن. لە کۆتاییدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو شەرەفمەندە بەوەی بەرهەمی یەکێک لە گەورە زانایانی تەرابلوسی شام ڕێزدار شێخ (حسين افندى جسر)کە لە بارەی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

بیروباوەری ئیسلامیەوە نوسیویەتی لە ژێر ناوی (صواب الكلام فی العقائد الاسلام) تەرجەمە و بڵاو كردۆتەوە. (مصطفی ذهنی ، صواب الكلام فی عقائد الاسلام ١٣٢٧).

**ئەنجام :** دوای توێژینەوە و شیكردنەوەی زانیاری و بەڵگەكان گەشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

**یەكەم:** مستەفا زیهنی بەتەواوی مانای وشە كەسایەتییەكی دەوڵەتمەداربوە و ئەمەشی بەكاركردن و بەڕێوەبردنی چەندین پۆستی جیاواز بەشێوەیەكی سەركەوتووانە بۆ كاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی سەلماندووە. هەر ئەم توانای دەوڵەتمەداری و لێهاتوویەی خۆی وایكردوە دەوڵەت ناوبراو لە زیاتر لە دە جار لە سەنجاقی جیاواز بیكەنە موتەسەرریف و پۆستی والییەتی سێ لە گرنگترین ویلایەتەكانی دەوڵەتی عوسمانی پێ بسپێردرێت. لەپای كارە گرنگ و شیاوەكانی لە هەموو ئەو پۆستانەدا چەندین نوسراوی سوپاس و پیزانین و هەتا نیشانی " مەجیدی"یش وەربگرێت.

**دووەم :** مستەفا زیهنی وەک یەكێكە لە سیما دیارەكانی ئیدارەی دەوڵەتی عوسمانی لە كۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا، خاوەن دیدێكی لامەركەزی بوە بۆ ئیدارەدان و بەڕیوەبردن و بۆ حكومرانیش لایەنگری حوكمی مەشرووتییەت بوە و دژی فەرمانڕەوایەتی ستەمكاری بوە. بێ ترس و دوودڵی دیدگای خۆی بەیانكردوە و بۆ خستنەڕووی ئەم ئەم دوو دیدگایەی دوو كتێبی نوسیوە ( اسلامده خلافت ، توسیع ماذونیت).

**سێیەم :** مستەفا زیهنی، گەرچی ٤٠ ساڵی ڕەبەقی تەمەنی لە ئیدارەدانی دەوڵەتدا وەک دەوڵەتمەدا بەسەربردووە، ناتوانین ڕۆڵی ناوبراو تەنها لەلایەنی ئیداریدا قەتیس بكەین، چونكە ناوبراو ڕۆڵێكی دیار و بەرچاویشی هەبوە لە ڕووی كلتوری و ڕۆشنبیرییەوە بەهۆی ئەو ژمارە كتێبەی كە نوسیونی و وەریگێراون، پەرتووكەكانی خاوەن ناوەڕۆكی تازە و جێگەی بایەخ و گرنگی گەورەبوون بۆ ڕۆژگاری خۆی.

**چوارەم:** مستەفا زیهنی لە ژیانی خێزانیشدا زیاتر لە ژیانی ئیداری و ڕۆشنبیریدا سەركەوتوو بوو، ناوبراو دەستێكی باڵای هەبوو لە پێگەیاندنی منداڵەكانی، بەجۆرێک كوڕەكانی هەریەكەیان بوون بە سەرمەشق و سوارچاكی ڕۆژگاری خۆیان لەو بوارانەی كە كاریان تێدا كردوە. بەنموونە كوڕەگەورەكەی بابانزادە ئەحمەد نەعیم بوە سوارچاک لە بواری فیكری دینی ، فەلسەفە، مەنتیق، پەروەردە...هتد. بابانزادە ئیسماعیل حەققی بوە سوارچاكی كاروانی ڕۆژنامەوانی عوسمانی لە ئەستەموڵ لە كۆتای سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست و لەبواری دەستور و قانونیشدا جێپەنجەی خۆی جێهێشت. شوكروبابانیش بوە ناوێكی دیارو پرۆفیسۆرێكی بەركەوتووی بواری ئابوری.

**سەرچاوەكان:**

**١,١. بەڵگەنامەی بڵاونەكراوەی ئەرشیفی عوسمانی :**

"BOA. DH. Memur sicil zarflary( SAİD. MEM.). Dos/Göm. nr. 4/442-443."

**٢,١ سەرچاوەكان بە زمانی كوردی:**

محەمەد ئەمین زەكی، تەئریخی سلێمانی وە وڵاتی لەدەورەی زۆر قەدیمەوە تا ئەوەڵی ئیحتیلال (١٩١٨م)، سەرجەمی بەرهەمی ئەمین زەكی، بەرگی سێیەم، ئامادەكردنی ڕەفیق سالەح، بنكەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٦.

**٣,١ سەرچاوە بەزمانی توركی عوسمانی:**

مصطفی ذهنی، علم و اسلام، برنجی طبع، ( ابو الضیا) مطبعەسی، قسطنطینیه ١٣١٦.
، توسیع ماذونیت، محمود بک مطبعەسی، استانبول ١٣٢٤.
، صواب الكلام فی عقائد الاسلام ، محمود بک مطبعەسی، در سعادت ١٣٢٧.
، اسلامده خلافت، (ابو الضیا) ( قسطنطینیه ١٣٢٧.
، قوی مەعنویه، (عالم – احمد احسان شركاسی) استانبول ١٣١٥.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

### ٤,١ سەرچاوەکان بەزمانی تورکی نوێ:

Davut Hut, «II Meşrütiyet Döneminde Bir Osmanlı Entelektüeli Babanzade İsmail Hakkı (1876-1913).» *Prof. Cevdet Küçük Armağanı, Tarihimizden portretler Osmanlı kimliği, Editörler, Zekeria Kurşun - Haydar Çoruh* içinde, İstanbul: ORDAF, 2013.

Edip Bukarlı, 19 Yüzyıl Osmanlı Devlet Adamı Babanzade MUstafa Zihninin Hayatı ve İlim Kişiliği, LİBRA Kitapçılık ve yayıncılık, İstanbul 2019.

Fatıma Yıldız, *Bananzade Ahmet Naim'in "İlmü"N-Nefs" adlı eserinin tahlili ve Ceviri yazısı, yüksek lisan tez, tez danışmanı, Recep Alpyağıl, İstanbul Üniversitesi,* 2014, : basılmamış.

Faysal Mayak, « Babanzade İsmail Hakkı Beyin gözünden Osmanlı Develtinin iç ve dış politicası(1908-1913), Doktora Tez, Danışman, Doç,Dr.Salih Tünç, Trih ana bilim dalı, Antalya 2019, basılmamış.


Hüseyin Hansu, Sacedede biten bir ömür, Babanzade Ahmet Naim Bey, *Din Hayat* 58. Ekim 2015.
Hüseyin Özdemir, Babanzade İsmail Hakkı Beyin Meşrütiyet Düşüncesi, Yüksek lisans tezi, Danışman, Doç, Dr. Yüksek Çelik, Marmara Üniversitesi 2015, basılmamış.

Kara ismail Cünyet Kaya, Rüsuh ve İstikamet sahibi bir Zat, Babanzade Ahmet Naim hayatı ve Eserleri ,Editörler, M. Cünyet Kaya, Kara ismail , İstanbul, Auğust2015.

M. Cevdet İnançalp, *Müderris Ahmet Naim,* Ülkü Matbaası, İstanbul 1935.

Recep Kılıç, İslam ahlakının esasleri, notlar ilave ederek sadeleştiren Prof. Dr. Recep Kılıç, Türkiye diyanet vakfı, 2 bask, Ankara 2014.


### پاشکۆکان:




پاشکۆی ژمارە (١) شەجەرەنامەی بنەماڵەی مستەفا زیهنی. سەرچاوە:ئەرشیفی شارەوانی ئەستەمو

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



پاشکۆی ژمارە (٢) بەڵگەنامەی بەخشینی تەواو ماڵ و سامانی شوکرو بابان بە خانەی بەساڵاچوان



77 562 309 /0

BİR PROFESÖR

Bütün servetini DARÜLACEZE'ye bağışlamak suretiyle, örnek bir vasiyetnamenin sahibi olan Ord.Prof.ŞÜKRÜ BARAN(1889-1980)bekârlığını ölümüne kadar sürdürdü.

BİR TARİHCİ


Tarihci REŞAD EKREM KOÇU, içkiye düşkünlüğü yanında, evlenecek bir yaradılışta değildi. Tek meziyeti, ansiklopedik bilgilere sahip oluşuydu.

Ord.Prof.ŞÜKRÜ BARAN


پاشکۆی ژمارە (٣) بەڵگەنامەی تایبەت بەناوی هەندێ لە کتێبەکانی بابانزادە حسین شوکرو.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



پاشكۆی ژماره (٤) بەڵگەنامەی تۆماری ژیانی مستەفا زیهنی لە تۆرماری گشتی دەوڵەتی عوسمانیدا




DH.SAİDd.00004

پاشكۆی ژماره (5) وێنەی مستەفا زیهنی ، كورەكانی ..


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية** **ص: 40-59**
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


T.C. BAŞKANLIK OSMANLI ARŞİVİ (BOA)©

سجل عمومي

DH.SAİDd.00080


DOI: **http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3**
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)





بەرگی کتێبی : علم و اسلام ، کتێبی اسلامده خلافت. دووان لە کتێبەکانی مستەفا زیهنی.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)





بەرگی کتێبی توسیع ماذونیت و قوای معنویەی مستەفا زیهنی.




DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الســليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



وێنەی بابانزادە مستەفا زیهنی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)